# لە پێناوی دەستورێکی باشتردا

دیار غەریب
Diyar_helmet@yahoo.com
2006-10-1

ئەم نوسینە هەوڵدانێکە بۆ بەشداریکردنێکی پۆزەتیف لە داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستاندا و هیوادارم هەلیژنەی داڕشتنی دەستور و هە لایەنە پەیوەندیدارەکان وجەماوەریش لە دەنگداندا بە هەندی وەربگرن . من لێرەدا نامەوێت زۆر لە سەر پێویستی دەستوور و گرنگی دەستوور قسە بکەم ، هەروەها نامەوێت زۆر لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی دەستوور قسە بکەم ، ئەوەی جێگەی بایەخی منە ئەو پرۆژەیەیە کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی داڕشتنی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان کردووە و پێشکەشی ڕای گشتی و پارت و ڕێکخراوو دام و دەزگاکانیان کردووە.

یەکەم :

سەرەتا دەمەوێت لەسەر دیباجەکە قسە بکەم ، بە ڕاستی دیباجەکە کەمێك درێژە و لەگەڵ ئەوەی کە درێژە کەچی وەکو پێویست باس لە هەندێ خاڵی گرنگ نەکراوە یاخود زەق نەکراوەتەوە ، بۆ نمونە لە دیباجەیەدا ئەوەندەی لەسەر مەسەلەی مێژوویی هەڵوەستە کراوە( من ناڵێم ئەمە پێویست نییە ) زۆر گرنگی نەدراوە بە مەسەلەی یاسایی و باسکردنی ئەو لایەنەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵەو یەکێك لە بنەماکانی هەرێمی فیدرالیش بوونی دەستوورێکە بۆ ڕێکخستنی کاروباری هەرێمەکە لە هەموو بوارێکدا ، لە هەمان کاتدا ئێمە هەموو دەزانین هێندەی داگیرکەران زیانیان لە دۆزی کورد داوە ، چەمکی ناوەندێتی دەسەلاًت و هەژموونی پارت بە سەر دەسەلاًتەکانداو بە سازی نەبوونی بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا هێندەی ئەو داگیر کارییە زیانی هەبووە. لەبەر ئەمە پێویست بوو لە دیباجەکەدا باس لەوە بکرایە کە ئەم دەستوورە لە پێناوی جیاکردنەوەی پارت و دام و دەزگاکانی مەدەنی و سەربازی لە یەکتر و جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەلاًتە مەدەنییەکە لە یەکتر دادەڕێژرێت و ئەو بنەمایانە دەکاتە سەرچاوەی ڕەوایی هە کارێك . لە بەر ئەمە پێشنیارم وایە کە لە دەستووردا بە زەقی باس لەم بابەتە بکرێت.

دووەم:

لە ماددەی ( 13 ) باس لەوە کراوە کە هەرێمی کوردستان هێزێکی بەرگریکاری (پێشمەرگە) ی هەیە . ئەم خاڵە تەنیا ئاماژە بە هێزی بەرگریکار دەکات و هیچ باسی لەم هێزە نەکردووە . من بێگومانم بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە لە ڕووی دەستوورییەوە لە گەڵ دەستووری ئێراقدا ناکۆك نەبێت ، پێویستە لە دەستووری ئێراقدا سەبارەت بە هێزی سەربازی گشتی و هەرێمەکان هەموارکردن ئەنجام بدرێت ، ئەگەر وەها نەبێت ئەوا لە ڕووی یاساییەوە ڕێگە نادرێت کە هەرێم هێزی تایبەتی بەرگریکردنی هەبێت . بە هەر حاڵ ئێستا ئەمە زۆر بە لای منەوە گرنگ نییە ، ئەوەی بە لامەوە گرنگە ئەوەیە کاتێك هەرێم بووە خاوەنی هێزێکی بەرگریکار پێویستە لە چەند خاڵێکدا چوارچێوەی دەستووری بۆ دابنرێت ، نەك وەکو ئەوەی ئێستا هەیە . بۆ ئەمەش پێویستەسەبارەت بە هێزی بەرگریکار چوار چێوەیەکی بەمشێوەیە هەبێت:

1- ئەو هێزە پێویستە هێزێکی حزبی نەبێت و مافی پارت و لایەنەکان نەبێت حزبایەتی لە ناو ئەو هێزەدا بکەن.
2- فەرماندارانی ئەو هێزە پێویستە حزبی نەبن و بەشداری کارو باری سیاسی هیچ پارت و ڕێکخستنێك نەبن و لە هیچ دام ودەزگایەکی دەسەلاًتی مەدەنیدا جێگەی نەگرن.
3- هێزی بەرگریکار هێزێکە لە بەرامبەر مەترسی دەرەوەو دەست لە کاروباری ناوخۆ وەرنادات .
4- ئە هێزە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

سێیەم:

ئێمە کە باس لە زەمینەی دیموکراتی دەکەین پێویستە باس لە پێداویستییەکانیشی بکەین ، ئاشکرایە تەنیا ئاماژە کردن بەوەی کە دامەزراندنی پارتی سیاسی و ڕێکخراوی مەدەنی ئازادە ناتوانێت زەمینەی تێکۆشانی دیموکراتی فراهەم بکات .بۆ ئەمە پێویستە لەدەستووردا سەبارەت بە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی مەدەنی و ڕاگەیاندن چەند خاڵێکی ڕوون هەبێت و لە سەر ئەو بنەمایە ئەم بوارانە ڕێکبخرێن. بۆ ئەمەش پێشنیار دەکەم ئەم خاڵانە یاخود ناوەڕۆکەکانیان بکەونە ناو دەستوورەوە.

1- هەر کەسێك مافی دامەزراندنی پارتی سیاسی هەیە بە مەرجێك پێکهاتەی ئەو پارتە و بەرنامەی ئەو پارتە ناکۆك نەبێت لە گەڵ یاسای پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا .
2- هەر پارتێك کە تازە دادەمەزرێت دەتوانێت داوای مۆڵەتیش لە حکومەت نەکات و بەشداری لە ژیانی سیاسی دا بکات و پێویستە هەموو دام و دەزگاکانی هەرێم مامەڵەی فەرمی لەگەڵدا بکەن . بەڵام لەم حاڵەتەدا بودجەی بۆ دابین ناکرێت.
3- 5,٠٪ ی بودجەی هەرێم تەرخان بکرێت بۆ پارتەسیاسیەکان و ئەو پارتەی بەشداری کرد لە هەڵبژاردنداو 5,٠٪ ی دەنگی دەنگدەرانی بە دەستهێنا مافی ئەوەی هەیە کە بەپێی ئەو ڕێژەیە بودجەی بۆ دابین بکرێت و حکومەت ناتوانێت لەسەر هەڵوێستی سیاسی جیاواز بودجەی هیچ پارتێك ببڕێت.
4- پارتەکان تەنیا لەکاتی سەرپێچی یاساییدا و بەپێی یاسا سزا دەدرێن و ئەویش لە دادگادا ئەنجام دەدرێت .
5- کاری پارتە سیاسیەکان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

سەبارەت بە ڕێکخراوی مەدەنیش ئەم خاڵانە بە هەبد وەر بگیرێت باشە :

1- ڕێکخراوی مەدەنی پێویستە سەربەخۆ بێت و پاشکۆی هیچ پارتێك نەبێت .
2- پەرلەمان ( 5,٠٪) لە بودجەی هەرێم بۆ ئەو ڕێکخراوانە تەرخان دەکات کە لە بوارە جیاجیاکاندا خەبات دەکەن . بە مەرجێك سەربەخۆبن و بۆ مەبەستی سیاسی کار نەکەن و لایەنگری هیچ پارتێك نەبن. ئەو بودجەیەش بە پێی کارو چالاکی و پڕۆژەکان دەدرێتە ئەو دەزگایە.
3- سەندیکاکان و یەکێتیە پیشەییەکان سەربەخۆ دەبن و دروستکردنی سەندیکا و یەکێتی پیشەیی نوێ ئازادە.
4- کاری دام ودەزگاو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

سەبارەت بە ڕاگەیاندن پێویستە لە دەستووردا دەست بخەینە سەر خاڵی سەرەکی کە دەتوانێت ڕاگەیاندن بکاتە دەسەڵاتی چوارەم و بە نەبوونی ئەم خاڵەش هەنگاوەکانی تر زۆر گرگن وبچوك دەبن. ئەو خاڵەش ئەمەیە : پێویستە کاری ڕاگەیاندنی ( تەلەڤزیۆن ، ڕادیۆ ، ڕۆژنامە ) لە کاری حکومەت و حزب جیابکرێتەوە ، هەتا ئەم کارە لە حکومەت وحزب دانەبڕدرێت ڕاگەیاندنی ئازاد پێشناکەوێت و ڕاگەیاندن ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتی چوارەم. بۆ ئەمەش پێشنیار دەکەم:
1- ڕاگەیاندن کاری کۆمپانیا سەربەخۆکانەو نابێت پشتیوانی لە هیچ حزب و دەسەڵاتێك بکات و تەنیا زانیاری دەگەیەنێتەجەماوەر .
2- حزبەکان بۆیان نییە کە ( تەلەڤزیۆن ، ڕادیۆ ، ڕۆژنامە ) تایبەت بەخۆیان هەبێت و پڕوپاگەندەیان بۆ بکات.
3- حکومەتیش بۆی نییە دەست بخاتە ناو کارو باری هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە.
4- کاری ڕاگەیاندنیش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

چوارەم:

لە ماددەی (159) ی پڕۆژەکەدا باس لەوە دەکرێت کە 25٪ ی دەنگدەرانی کوردستان دەتوانن کە داوای ڕاپرسی بکەن . بە پێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو ئەگەر ئەم ڕێژەیە ورد بکەینەوە ئەوا دەکاتە نزیکەی (500000) کەس و خۆ ئەگەر ناوچە دابڕاوەکانیش بکەونە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا ئەم ژمارەیە خۆی دەدات لە (800000) کەس کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆر زۆرە و مەگەر لە پرۆسەیەکی سەرتاسەریدا بتوانرێت ئەمەندە دەنگ کۆ بکرێتەوە و داوای ڕاپرسی بکەن، ئەمەش ئاسان نییە لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆن و چەند ڕێکخراوێکەوە کۆ بکرێتەوە. بۆ ئەمەش من پێم وایە ئەم ڕێژەیە زۆر زۆرە . لەم ماوەیەدا من برادەرێکم بینی کە لە سویسرا هاتبووەوە و باسی لەم خاڵە کرد و گوتی لە دەستووری سویسرا خاڵێکی بەمشێوەیە هەیە و دەڵێت هە (60000) کەس دەتوانن لە سە هەر بابەتێك بیانەوێت دەتوانن داوای ڕاپرسی بکەن ، لە کاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی سویسرا نزیکەی ( 8 ) ملیۆن کەسە . هەر بۆیە من لێرەدا پێشنیار دەکەم لە جێگەی ئە ماددەیە بنوسرێت کە ( 50000) هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بۆیان هەیە کە لەسەر هەر بابەتێك داوای ڕاپرسی بکەن و ئەو بابەتەشی کە ڕاپرسی لەسەر ئەنجامدرا ئەوا هەتا ( 4 ) ساڵی تر ئەگەر داواش بکرێت ئەوا ڕاپرسی لە سەر ئەنجام نادرێت .

**پێنجەم:**

**کوردستان بە حوکی ئەوەی کە مۆزائیکێکە لە نەتەوەو ئایین وئایینزا ی جیاواز ئەوا وەکو پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەرلەمانی کوردستان لە سێ ئەنجومەن پێك بێت و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت پێم وایە کە دەتوانێت باشتر بنەماکانی دیموکراتی جێگیر بکات و ببێتە نمونەیەکی باشیش بۆ ئێراق و ئەو وڵاتانەی کە پێکهاتەی جیاوازیان هەیە .**

1- **ئەنجومەنی نوێنەران کە ئەو ئەنجومەنی ئێستا دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببێنێت و لەسەرتاسەری کوردستاندا هەڵبژێردرێت و هەر ئەندامێکی ئەو ئنجومەنە نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی کوردستان دەکات . ئەم ئەنجومەنەجێگەی تایبەتی بۆ نوێنەری نەتەوەو ئاینەجیاوازەکان نییە ، واتەئەم ئەنجومەنە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر تورکمان یان ئاشوور و ئێزیدی تێدا بێت و لەوانەشە هەندێ جار لە هەڵبژاردندا دەر نەچن و ژمارەیەکی کەمی تێدا بێت، بە واتایەکی تر ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی پێکهاتەجیاوازەکانی گەل ناکات بەڵکو نوێنەرایەتی گەل بە شێوەیەکی گشتی دەکات و کارو بارەکانی زیاتر یاسای و ئیداری و سەروەری گشتییە.**

2- **ئەنجومەنی نەتەوەکان هەبێت، ئەمیش ئەنجومەنێك بێت کە نوێنەرایەتی نەتەوە جیاوازەکانی ناو کوردستان بکات و هەر نەتەوەیەك بەژمارەیەکی یەکسان بەشداری تێدا بکات. بۆ نمونە ئەگەر ئەم ئەنجومەنە ڕێکخراو باسی لەوە کرد کە هەر نەتەوەیەك ( 10) نوێنەری هەبێت ئەوا ئەو کاتە کورد، تورکمان، ئاشووری، کلدان و عەرەب هەر یەکە (10) نوێنەریان دەبێت و نوێنەرانی ئەم ئەنجومەنە هەر یەکە لە نوێنەری نەتەوەکەی خۆیەتی و لە ناو نەتەوەکەی خۆیدا هەڵدەبژێردرێت . ئەم ئەنجومەنە پەیوەندیدار دەبێت بە مەسەلە نەتەوەیی و پەیوەندییە نەتەوەییەکان و لێرەدا بڕیارەکان بە ڕەزامەندی گشتی بدرێت باشترە و یاسای زۆرینە بەکار نەبرێت باشترە.**

3- **ئەنجومەنی ئایین و ئایینزاکان ن ئەم ئەنجومەنەش هاوشێوەی ئەنجومەنی نەتەوەکان دروست بکرێت و تەنیا لەو بابەتانەبکۆڵێتەوە کە مەسەلەی ئایینی و ئایینزاکان پەیوەندیدار دەکات و ئەندامەکانیشی نوێنەری ئایین و ئاییزاکانی خۆیانن و ژمارەیان یەکسان بێت و بڕیاردانیش لە سەر بابەتەکان بە ڕەزامەندی گشتی بێت .**

4- **ئەم سێ ئەنجومەنە بەیەکەوە پەرلەمانی کوردستان پێك بهێنن و بە زۆرینەی 3/2 دەنگی هەرسێ ئەنجومەنەکە بڕیاری شەڕ یان ئاشتی بدرێت و پەیمانی نوێ لە گەڵ هەرێمەکانی تری ئێراق یان جێگەی تر واژۆ بکرێت.**

**بە گشتی ئەمە چەند پێشنیار و تێبینیەکە و ئەگەر ڕەچاو بکرێن پێم وایە دەتوانێت ببێتە هۆکارێك بۆ باشتر ڕێکخستنی کارو باری هەرێمی کوردستان.**